# ڕۆڵی ئەرێنی ژن لە داستانی گلگامێشدا

**پ.ی.د: محمد امين على عبدالله**
پسپۆری مێژووی کۆن، زانکۆی ڕاپەرین
Muhammad.amin@uor.edu.krd
**م.ی: شاناز ابراهيم محمود**
پسپۆری مێژووی کۆن، زانکۆی ڕاپەرین
shanaz.ibrahm@uor.edu.krd

**پوختە:**

ژن لە داستانی گلگامێشی سۆمەریدا، کاراکتەرێکی ناسراوەو، تا ئاستێك بایەخی پێدراوە، کە وایکرد لەسیفەتی مێینەیی و ژن بوون و دایکایەتیەوە بچێتە قۆناغی خوداوەندێتی، سنوری ڕۆڵگێرانیشی لەچوارچێوەی خێزان و کۆمەڵگاوە بگوازرێتەوە بۆناو کاروباری دەوڵەت، بەدیاریکراویش لەوشوێنانەی ناو ئەفسانەکان کە خوداوەند "ئینانا"ی سۆمەری ڕۆڵی تێدا بینوە، هەر ئەمەش وایکردوە سۆمەریەکان بەچەند فۆرمێکی جیاواز و لە میانەی هۆنینەوەی ئەفسانەگەلی جۆراوجۆردا، بەتایبەتیش وەك کەسی پیرۆز وێنای بکەن، دواتریش ئەم پیرۆزکردنە بە شێوەی دەقی پیرۆز یان هێما و وێنەی خواوەند، یان لەشێوەی بوونەوەری لەسروشت بەدەر (خارق)، بەئێمە بگەیەنن، بەم پێیە بیری خواوەندێتی ژن و چەمکی پیرۆزی مێینەیان لە ناوکۆمەڵگدا دارشت و ژن لەوسەردەمە زووەدا، توانی ببێتە یەکەم خواوەندو یەکەم کاهین‌و یەکەم قسەکەر، وەك دایکیش پێش پیاو بوو بە بەرپرسی ڕەوشی ژیان وکارکردن، لەسەر ڕۆح و ئاراستەکردنی ئاکاری ئەوانی تر، هەموو ئەوانەش لە داستانی گەلگامیشدا بەرجەستەن.

هەڵبژاردنی (ڕۆڵی ئەرێنی ژن لە داستانی گلگامێشدا)، وەك ناونیشان بۆ توێژینەوەیەك کە بڕیارە لە کۆنفرانسی (ژن لە ئاوێنەی مێژوودا)؟، کە زانکۆی سلێمانی پێی هەڵساوە، بەشداری پێ بکرێت، جگە لەوەی هەوڵێکە بۆ بەرجەستەکردنی ئاستی ڕەنگدانەوەو کارلێکی ئەفسانە و واقعی ژیان و نیشاندانی رۆڵی ئەرێنی ژن لە هزردانی سۆمەریەکان و واقعی ژیانی رۆژانەیاندا، ئاماژەیەکیشە بۆ دەرخستنی ڕۆڵی ئەفسانە لەئاراستەکردنی مێژوودا، توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان و ئەو پوختەیە بەهەر سێ زمانی کوردی وعەرەبی وئینگلیزی، لەدەستپێک و دوو باسی سەرەکی پێکهاتووە کەبەم شێوەی خوارەوە ڕێکخراون:

باسی یەکەم / ژن وەک خواوەند و ڕۆڵی ئەرێنیانەی لە ئاراستەکردنی مێژوودا.
باسی دووەم/ ژن وەك کەسی بەخوداکراو و ئەنجامی ئەرێنی گفتوگۆکانی.
باسی سێیەم / ژن وەک مرۆڤی مێینەو ڕۆڵی ئەرێنیانەی لەپێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا.

کلیلە وشە: (گلگامێش، ژن، ئەنکیدۆ، شمخە، مەیخانە، نەمری, ئامۆژگاری، ڕاوچی، ئینانا).

ملخص البحث:

المرأة هي شخصية معروفة في ملحمة جلجامش السومرية، وتم الاهتمام بها إلى حد الذي أدى بها ان تذهب من صفات الأونوثة و النسائية و الأمومة، إلى مرحلة الآلهية، وتغيير حدود دورها من اطار الأسرة والمجتمع إلى داخل امور الدولة، و بالتحديد في أماكن داخل الأساطير، التي لعبت الآلهة "اينانا" السومرية دوراً فيها، وهذا أدى إلى ان يصورها السومريون ببعض الاشكال المتنوعة ومن خلال الأساطير والملاحم المختلفة، ولاسيما كشخصية مقدسة، و يوصلون هذا التقديس الينا فيما بعد، على شكل نصوص مقدسة أو رموز و صور الإله أو على شكل كائنات الخارقة للطبيعة. ووفق هذا التقديس صاغوا فكرة الوهية المرأة و مفهوم قدسية الأنوثة في المجتمع، و استطاعت المرأة في تلك الفترة المبكرة ان تكون أول آلهة وأول كاهنة و اول المُتكلمة، و و كأم الاولى ان تكون مسئولة في ظروف المعيشي و التأثير على الروح و توجيه سلوك الآخرين قبل الرجال، وكل ذلك يتجسد في ملحمة جلجامش.

اختيار (دور المرأة الايجابية في ملحمة جلجامش) كعنوان لهذا البحث، الذي من المقرر ان يشارك به في مؤتمر (المرأة في مرآة المجتمع و التاريخ) والذي قامت به الجامعة السليمانية، رغم كونه محاولة لتجسيد مستوى انعكاس تفاعله الأسطورة و واقع الحياة و اظهار دور المرأة الايجابية في تفكير السومريين و واقع حياتهم اليومية، يكون إشارة لإظهار دور الأسطورة في توجيه



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

التاريخ ايضـــا.واخيرا، يتكون البحث بالاضـــافة الى المقدمة والنتائج وقائمة المصـــادر وهذا الملخص باللغات الكوردية والعربية والانجليزية، من اربعة مباحث رئيسية وتم تنظيمها على نحو التالي :

المبحث الاول / المرأة كإلهة و دورها الإيجابي في توجيه التاريخ.

المبحث الثاني / المرأة كشخصية مؤلهة والنتائج الإيجابية لمحاوراتها.

المبحپ الثالث/ المرأة كإنسان انثى و دورها الايجابي في مقامها الاجتماعي.

**Abstract:**

Woman in Sumerian Epic of Gilgamesh is a known character; she has been paid attention to in such a way that made her overstep her feminine, womanhood, and motherhood characteristics, and step into goddess level. Her role within familial and societal frame is transferred to state affairs, specifically in those places of the legends where the Sumerian goddess "Inanna" played vital role. Thus, this made the Sumerians depict her as a sacred person in different ways while penning various myths and legends, then they deliver this sanctification to us in the forms of holy verse, symbol, goddess's image or in the shape of supernatural being. Accordingly, they cultivated the thought of woman goddess and sacred concept of feminine in the society; woman at that early time managed to become the first goddess, first creature and first speaker; like mother, before even men, became the responsible of life condition and working on souls and directing others in society, all of these have been displayed in the Epic of Gilgamesh.

Choosing "The Positive Roles of Woman in the Epic of Gilgamesh" for a research title, which is supposed to be participated in the conference of "Woman in the mirror of history" held by Sulaimani University, is not only an attempt to concretize the level of reflection, mythical interaction, the fact of life and displaying the positive role of woman in the mind of the Sumerians and the truth of their daily lives; it is a reference to illustrate the positive role of legend in directing the history. The research, apart from introduction, conclusion, list of references and abstract in Kurdish, Arabic and English, it is made up of introduction and Tree chapters as follows:

Chapter One: Women as goddess and their positive roles in directing history.

Chapter Two: Women as divine figures and the positive outcome of their conversations.

Chapter Tree: Women as feminine human being and their positive role in their social position.

**پێشەکی:**

داســـتانی گلگامێش بەو ناوبانگە مێژووییە گەورەیەی، بەهۆی شـــکۆمەندی و دێرینیەکەی و زانیاریە ناراســـتەوخۆکانی سـەبارەت بە ژیانی کۆمەڵگە، لە نیوەی سێیەمی هەزارەی سێیەمی پێش زاین، بەدەستی هێناوە، وایکردوە کە لایەنە جیاجیاکانی ببنە بابەتی توێژینەوەکان و باســـی پرســـی مێژوویی و کلتوری وئاینی و فکری....هتدش، بەڵام ســـەرەڕای ئەو لێکۆڵینەوە زۆرانەی لەبارەی لایەنە جۆر بەجۆرەکانیەوە ئەنجامدراون، هێشـــتاش بابەتگەلی تری جێگەی بایەخ هەن، کە دەکرێت دیوە دەرنەخراوەکانیان بکرێنە پرسی ئیش لەسەرکردن و، لێکدانەوەی زانستیانە، لەبەر ئەوەش کە ژن وەک کارەکتەری دیاری ناو داستانەکە، بەو پێگەو ئامادەییە هەستیارەی، کە لەکایە جیاجیاکانیدا هەیانەو بەقەدەر ئەو ڕۆڵەی لە داستانەکەدا پێیان سپێردراوە، بەگوێرەی ڕادەی هەســـتکردنیشـــیان بەبەرپرســـیارێتی لەبەرامبەر پرســـەکانی ئەوکۆمەڵەی لەگەڵیدا بەریەک کەوتوون و، بە ئەندازەی ئیرادەیان لەبەجێهێنانی ئەرکی سەرشان و لێزانیان لەمامەڵە کردنی رۆڵی خۆیاندا، کە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بەئەرکیان لە ئاڕاستەی مێژوودا کراوە، بۆیە بەگونجاو زانرا، کەلە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی ئەرێنی ژن لەداستانی گلگامێشدا)، لایەنێکی ئەو ئەرکە بکرێتە بابەتی ئەو توێژینەوە زانستیە و، سروشتی ڕۆڵگێرانەکەیان و ئاستی گونجاوی هەڵوێستەکانیان، لەگەڵ واقعی کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئاینی و پێگەیشتویی هزرو شارستانیەتی گەلی سۆمەرو سەردەمەکەدا، شەن و کەو بکرێن و وەک ئەنجامی بە ئامانجگیراو لەبەرچاوبگیرێن.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بەگشتی توێژینەوەکە جگە لە پوختەو پێشەکی و دەستپێک و دەرەنجام و لیستی سەرچاوەکان، لەسێ باسی سەرەکی پێکهاتووە، کەبەشێوەی خوارەوە ڕێکخراون:

باسی یەکەم / ژن وەک خواوەند و ڕۆڵی ئەرێنیانەی لە ئاڕاستەکردنی مێژوودا، کە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتوەو ڕۆڵی خواوەندە مێینەکان بەگوێرەی پێگەو ئامادەییان لەناو داستانەکەدا خراوەتە ڕوو، کە هەریەک لە خواوەندەکانی (ئورووو نێنسۆن و ئیناناو یوتونابشتمی هاوسەری پاڵەوانی لافاوەکە).

باسی دووەم/ ژن وەك کەسی بەخودا کراو و بەرئەنجامی ئەرێنی گفتوگۆکانی، کە دوو تەوەرەی لەخۆی گرتووە و تیایدا نمونەی کاریگەریی گفتوگۆی ژنی، وەك کەسی پیرۆز یان بەخوداکراو، لەهەڵوێست وپێشهاتگەلی چارەنوس سازدا خراوەتە روو، بۆ ئەوەش (نینسونی دایکی گلگامێش هاوسەرەکەی ئوتونپشتمی پیاوی لافاوەکە)وەك دوو کەسایەتی بەخوداکراو وەرگیراون.

باسی سێیەم/ ژن وەک مرۆڤی مێینەو ڕۆڵی ئەرێنیانەی لەپێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا: ئەم بەشە لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووەو تێیدا ڕۆڵی ئامۆژگاریکارانەو پەروەردەکارانەی ژن کە شەمخەو سیدوریە لە پێگە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیاندا باسکراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەوەیە دەری بخات: تاچەند ئەفسانە وەک ژانرێکی ئەدەبی، بەشداری لە ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا و بەرەو پێشبردنی دا کردووە؟چۆن ئەو بەشداریکردنەی بەرجەستە کردووە و تا چ ئاستێک ڕۆڵ و پێگەی ژنی تێدا جێ کردۆتەوە؟چۆن وێنای ڕۆڵی ژنی لە هەڵوێست و پێشهاتەکاندا کردووە؟ چ کایەیەکی نیشانداوە، کە ژن دەتوانێت ڕۆڵی تێدا ببینێت و توانستەکانی تێدا ئەزمون بکات؟ مەزندەی بەرەنجامی ڕۆڵی ژن، لە ئاڕاستەی بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگا دا چیە و تاچەند گرنگە ئامادەیی هەبێت؟ بەگشتی توانست و سروشتی ژن چۆن وێنا کراوەو چۆن ڕێنوێنی کراوە تا ئەو سروشتە لەهەمبەر هەڵوێست و پێشهاتەکاندا، بۆ بەرژەوەندی گشتی بەکار بهێنێت، لەکاتی پێویستدا بگۆڕێت.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە، کە پەیوەندی ئەفسانە بەژیانی واقعی کۆمەڵگاوە دەردەخات و، ڕوونی دەکاتەوە، کەمرۆڤ دەتوانێت لەژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی دا، هەنگاوی بەرەو پێشکەوتن و گۆڕانکاری شیاوی سەردەمەکە دەست پێبکات، بەهۆیەوە ژن دەتوانێت لە پێگە و ڕۆڵی خۆی و گرنگی هەڵوێستەکانی لەهەمبەر پێشهاتەکانی ناو کۆمەڵگا و ئاڕاستەکردنی مێژوو تێبگات و، ئاشنای ئەوە بێت کەبۆ ئەوەی ڕۆڵی شیاوی خۆی بگێڕێت، دەبێ ئەزمونی توانستەکان و پێگەی خۆی بکات و بەپێی پێویستی و ویستی گشتی، سروشتی بیرکردنەوەو ڕەفتارەکانی بگۆڕێت.

ژن لەڕێی ڕووداوەکانی ناو ئەفسانەکە و ئاکامی چاک و خراپی تێدەگات کە، دەتوانێت لەکامە کایەی کۆمەڵایەتیدا ڕۆڵی پێشەنگیی بگێڕێت و، لەکوێش نەخشی یارمەتیدانی هەبێت.

توێژینەوەکە دەبێتە یارمەتیدەر بۆ ژن تا بزانێت ڕووداوەکانی ناو داستانە کە کامیان باسی واقعی باوی ناو کۆمەڵگا و هەڵوێست و پێشهاتی مێژووین و شیاوی پەند لێ وەرگرتنن و، کامەشیان وەک ئامۆژگاری و ڕێنمایی خراونەتە ڕوو و لەبەرچاو گرتنیان بە سودی گشتی و کارایی ڕۆڵگێڕانی دەشکێتەوە. لەبەر ئەوەش کە بابەتەکە، باسی ڕۆڵی ژنە، بەگوێرەی پێشهاتە واقعیەکانی ناو کۆمەڵگا، کە لە کتێبە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێکراوە، ڕووداوەکانی ناو داستانە ئەفسانەییەکەی گلگامێش، ئەستەم بوو تەنها بە پشتبەستن بەیەک جۆر میتۆد، ئامانجەکان بەدی بێن، بۆیە پەنا بۆ میتۆدی جۆراوجۆری گونجاو لەگەڵ بابەتەکان براوە و، بەپلەی یەکەمیش میتۆدی بەراورد و وەسفکردن و گێڕانەوە و شیکاری، بەکار هاتووە.

**دەستپێك:**

داستانی گلگامێش یەکەم و کۆنترین داستان دادەنرێت لەنێو داستان و ئەفسانەکانی وڵاتی دووڕووباردا، کە بەزمانی ئەکەدی نوسراوە، سەردەمی نوسینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (هەزارەی دووەمی پ.ز)، داستانەکە بریتی یە لە قەسیدەیەکی درێژ، کە زیاتر لە (300) سێ سەد دێڕ لەخۆدەگرێت، (محروس: 116،١٩٧٧)، لەسەر دوانزە (12) پارچەی تابلێتی قورین نوسراوە(لابات، ١٩٨٨، 163)، پێگەیشتوترین و تەواوترین دەق دەربارەی داستانەکە ئەوەبوو، کە لە کتێبخانەکەی پاشای ئاشوریەکان (ئاشور بانیپال) (669- 629پ.ز) لە نەینەوا، دۆزرایەوە، (محروس:١٩٧٧، 116؛ لابات: ١٩٨٨، 159).

کۆنترین جۆری ئەدەبی داستانی پاڵەوانێتی یە لە مێژووی سەرجەم شارستانیەتەکان، ململانێیەکی ئاشکراو کاریگەری ئەزەلی یە لە نێوان ویستی مرۆڤ و حەزی مانەوەو لە نێوان ڕاستی مردن و ئەو تراژیدیایەی، کە مرۆڤ دەربارەی مردن هەیەتی(طە باقر: 2009، 85)، کاریگەری دیاری بەسەر وڵاتی دووڕووبار و ناوچەکانی دەوروپشتی هەبوو، چەندین بەڵگە هەیە لەسەر پەلهاویشتن و گوازرانەوەی داستانەکە بۆ ناوچەکانیتری ڕۆژهەڵاتی کۆن، گرنگترین هۆکاری بڵاوبوونەوەشی بەو

ڕادەیە ئەوەیە، کە چەندین بابەت و کێشـــەی مرۆڤ باس دەکات، لە هەموو ســـات و کاتێکدا گرنگن بۆ مرۆڤ و، لەوانەشـــە یەکەمجار بێت مرۆڤ لە ئەدەبی کۆندا بووبێتە خولگەی سەرەکی و خاڵی گرنگی پێدان(احمد،١٩٨٨، 11).

داســتانەکە ســـەرەڕای ئەوەی کە وەك بەرهەمێکی فکری و ئەدەبی ئاوێتەی کۆمەڵگە بووەو، ناوەڕۆکە هونەریەکەی پڕە لە واتای قوڵ و بەهای بەرز و ئاماژەی سەرەتای جیاکردنەوەی تاك لە کۆمەڵگەو دەرکەوتنی هەندێك کەسایەتی لێ بەدی دەکرێت، کە کاریگەریان دروست دەکرد و هەوڵی گۆڕینی کۆمەڵگەیان دەداو، یەکەم ژانری ئەدەبیشـە، کە لەسـەر تاك بەڕوونی دوابێت، گەنجینەی‌یەکی مێژووییشـــە، ئەمەش وایکردوە کە نەك هەر تەنها وەك ئەفســـانە ســـەیر نەکرێت، بەڵکو وەکو بەڵگەنامەیەکیش دەربارەی ژیانی مرۆڤی کۆن بیتە هەژمار. (حسن: 2016. 311- 312).

گلگامێش:خۆی بە کوڕی خواوەند نێنسـون، ناساندووە، واتا دایکی کچی خواوەند(ئینکی) بووە، (الحسـینی الحسـینی معدی، 212)، باوکی (لوگال پندا)، لە ناوچەی کولاب، پیاوی ئاینی (کاهین) بووە، دواتر بوەتە پاشـــای شـــاری وەرکا، کوڕەکەی کە (گلگامیش) بوو سەرکەوتووە بەسەریدا (دالی - 1997 66)، لە ڕاستیدا بەپێی ئەفسانەی لەدایك بوونەکەی بێت کەمتر مرۆڤێکی واقیعیە، چونکە زیاتر نیوە ئەفســـانەییە (لابات: 1988، 159)، ئەو ســـێ یەکی مرۆڤ و ســـێ یەکیشـــی خواوەند بووە (باقر: 571986 – 58). داستانەکەی بەداسـتانێکی کلاسیکی و خاوەن ڕویەکی گەورەی ئەدەبی دادەنرێت، چونکە تێیدا باس لە دەست خستنی ڕۆڵی خواوەند و نیمچە خواوەندە ژنەکان کراوە لەناو کاروباری مرۆڤ، سەرکەشیەکانیشی وای لێدەکەن بەسەر ئاژەڵە درندەکانی تردا سـەربکەوێت و دەیکەنە پاڵەوانێکی نامۆ، چونکە مرۆڤی ئەوکات پەیوەندی و سـەروکاری لەگەڵ ئاژەڵەکاندابووە، (لابات: 1988، 161-162).

داستانەکە ئەو بۆچونە ڕەت دەکاتەوە کە پێیوایە دەبێ مرۆڤ ملکەچی بیرۆکە باوەکان بێت، بەڵکو بیرۆکەی یاخیبون دەخاتە ڕوو، داوای ئەوە دەکات واز لەگرتنەبەرو لە ئامێزگرتنی شـــتگەلێکی پیرۆز بهێنین، کە ناکۆک و ناتەبابن لەگەڵ بیری ئێمەی مرۆڤ و، پێمان دەڵێت کە کەس گەورەتر نیە لەکەس، بەڵکو هەموو کەس دەبێت چالاک بێت و بەدوای گۆڕانکاریدا بگەڕێت و پشت بەئیرادەو خۆڕاگری ببەبەستێت و بەرەو ئامانج هەنگاو بنێـــت (فریحە1979:٦٤_٦٥). هەموو ئەوانەو گەلێک ڕاستی دیکە، ســـەبارەت بە ڕۆڵی ئەفســـانە لە ئاڕاســـتەکردنی مێژوودا دەردەخات، کە دەکرێت لەبەش و تەوەرەکانی دیکەی ئەم توێژینەوەیەدا بخرێنەڕوو.

**باسی یەکەم / ژن وەک خواوەند و ڕۆڵی ئەرێنیانەی لە ئاڕاستەکردنی مێژوودا.**

وەک ئەوەی ئەفسـانە دەربڕی ویژدان و ڕەنگدانەوەی شـێوازی بیرکردنەوەو بیروباوەڕی کۆمەڵگە بووە(هاشم ملاح واخر ن،١٩٩٨، ١٩٥)، عێراقیە کۆنەکانیش لەبڕوای ئاینی خۆیاندا خواوەندەکانیان لەسەر شێوەی مرۆڤ وێنا کردوەو جگە لەسیفاتی خودایی، سـیفاتی مرۆیشـیان پێیان بەخشـیوە، لەبڕوای ئەواندا خواوەندەکان وەک مرۆڤ بیردەکەنەوەو کاردەکەن و دەخۆن و دەخۆنەوەو هاوســەرگیری دەکەن و خۆشــەویســتیان هەیە، لەهەمان کاتدا پلان دادەنێن و گەردوون بەڕێوە دەبەن و لەکۆڕی خواوەندانداا کۆدەبنەوەو بیری چاکەو خراپە لەسەر چارەنوسی مرۆڤ دەدەن،(جاسم حسن یوسف، ٢٠١٨،١٤٦).

داسـتانەکە دەیەوێت بەهاوڵاتیانی سـەردەمی خۆی بڵێت کە پێویسـتە خەڵکی و لەنێویشـیاندا ژنان ئاگاداری ئەوەبن کە چۆن خواوەندەکان بەگشتی و لەنێویشیاندا خواوەندە مێینەکان لەوتاییەتمەندیانەی ئاماژەیان پێکراوە هاوشێوەی مرۆڤن، لە بەڕێوەبردنی گەردون و دیاریکردن و بڕیاردان لەچارەنوسـی مرۆڤیشـدا بەشـداری دەکەن و، لەئەرکی دیاری کراوی خۆیاندا ڕۆڵی ئەرێنیان هەیە، دەکرێت ئەوانیش لەئاراسـتەکردنی کۆمەڵگەدا وەک پیاوان ڕۆڵی ئەرێنی ببینن، بۆ ئاکامی ڕۆڵ بینینیشـیان سـەیری بەر ئەنجامی ڕۆڵبینینی ئەرێنیانەی ئەو خواوەندانە بکەن، کە لەداستانەکەدا وەک کارەکتەر دیاریکراون و ئاماژە بە هەڵوێستەکانیشیان کراوە، ئەوانیش بریتیین لە:-

**یەکەم/ ڕۆڵی خواوەند ئوروورو :**

خواوەند (ئوروورو) خواوەندی دایک، کە بە (ننماخ یات ننخرسـام و مامی و نینورتا)ش ناسـراوە خواوەندی دروسـت بونی مرۆڤ بووە(مریم,بوعکاز,٢٠١٨, ٥٧)، دەقەکانی ئەم بەشـەی داسـتانەکە بەوە دەسـت پێدەکات، کە سـتەم و زۆرداری و خۆ بەگەورە زانینی (گلگامێش) و توندوتیژیەکەی، خەڵکی شاری (ئورک)ی ناڕەحەت کرد، چونکە ئەو پیاوەکانی دەنارده شەڕو ژن و کچـەکـانی دەکردە کـەنیزەك، هـەر کچێـك شـــوی بکردایـە پێش چوونی بۆلای زاوا، (گلگـامێش) دەیبرد بۆخۆی، وەک هاتووە:**"گلگامێش کچانی ئازادی لای دایکیانی جێنەدەهێشت...، نەکچی شەرکەرو نەدەسگیرانی پاڵەوانێک "** (شیکردنەوەی دەقەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە (گلگامێش) دەسـت درێژی کردۆتەسـەر کچان و ژنانی شـارەکە پێش ئەوەی، ببرێن بۆ زاوا و، دەستی نەپاراستوە لێیان) (باقر:1986، ٩٠-٩١)، خەڵکی شاری ئورک گلەییان گەیاندە لای خواوەند (ئانو) کاتێک خواوەندیش گوێ بیستی سکاڵای خەڵکەکە بو وداوای لە خواوەند (ئوروورو) کرد (ابو سعود:2009،94)، وەک چۆن (گلگامێش)ی دروست کرد کەسـێکی تری هاوشـێوەشـی دروسـت بکات، تا سـەرقاڵی بکات و بکەوێتە ململانێ لەگەڵیدا (باقر:٣٨،1986)، وهاوتای

(گلگامێش) بێت و ژیانی نەهێڵێت، بۆیە خواوەندیش بڕیاری دروستکردنی (ئەنکیدۆ)ی دا، (بقیە: 2008، 78)، وەک لەدەقەکەدا هاتووە:

**"ئەوان لە ئورووری مەزن پارانەوە...**

**ئەمە تۆبووی ئورووری مەزن کە ڕەچەڵەکی مرۆڤت دروست کرد**

**ئێستا هاوتایەک بۆ گلگامێش دروست بکە**

**خواوەند ئورورو دەستەکانی شۆرد...**

**مشتێک خۆڵی هەڵگرت لە وشکانی لەناو بیابان فڕێیدا..**

**ئەنیکدۆی دروست کرد...**

**جەستەی بەموی بەهێز داپۆشرابوو پرچی وەک پرچی ژن بوو...**

**وەک پرچی نسایا بوە کە (خانمە خواوەند نسایا خواوەندی دانەوێڵە بووە)"** (باقر:1986، 96).

خوداوەندەکان تەواوی توانای خۆیان خستەکار تا لاشەیەکی بەهێزو پیرۆزی پێببەخشن، چونکە ئامانجی سەرەکیان لەئەفراندنی (ئەنکیدۆ) دروستکردنی کەسایەتیەک بوو، کە هاوتاو یەکسان بێت لەگەڵ (گلگامێش) (حبیب:2021، 10)، ئەفسانە چنەکە ڕەنگە بەوە ویستبێتی بەکۆمەڵگە بڵێ، کە لەبەرئەوەی ژنان هەوێنی ژیانی خێزانی و پێکەوە هەڵکردنن، بەڵام پیاوان خواستی زاڵبون و هێزنواندنیان بەسەردا زاڵە، بۆیە دەکرێت لەهەمبەر دۆسیەیەکی وەها هەستیارو ستەمکارانە، کە ژنان تیایدا قوربانین، دەکرێت لەنێو خواوەندەکانیش پەنا بۆخواوەندی مێینە ببرێت، چونکە کەس وەک ڕەگەزی مێ لەخەم و ئازارەکانی و هاوشێوەکەی خۆی تێناگات، دەریشی دەخات، کە مەرج نیە هەمیشە ستەملێکراو ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ستەمکارەکانیان ببنەوە، بەڵکو بۆ کۆتایهێنان بەو ڕەوشە نا هەموارە، زیاتر لە ڕێگایەک هەیەو دەکرێت دۆزینەوەی ڕکابەرێکی هاوشێوەی ستەمکارەکەو خولقاندنی گیانی دژایەتیکردن تیایدا، یەکێک لەڕێگە دروستەکان بێت.

**دووەم/ ئینانا (خواوەندی خۆشەویستی و جەنگ) :**

دوای سەرکەوتنیان لەگەڵ (ئەنکیدۆ) لە شەڕبەسەر (خومبابا)ی دڕندە- کەدواتر دەبێتە بابەتی باسکردن-، پشوویەکی وەرگرت، وە بۆ ئەوەش، کە لە بەردەم خێزانەکەیدا شانازی بەو شتانە بکات، کە بەدەستی هێناوە، دەچێتە کۆشکەکەی خۆی، خۆی دەشوات قسەی بۆخەڵکە کە کرد، ویستی خەڵک دڵنیا بکاتەوە، کە هەموو بڕیاڕو بەخشینەکانی خوداوەندەکان پوچەڵن و لەگەڵ واقیعی مرۆڤایەتیدا ناگونجێن، کە دەبێت بەسەریدا زاڵ بێت (فریحە:ص40)، لەدەقە بابلیەکەدا هاتووە:

**"گلگامێش پرچە درێژەکەی شۆردو چەکەکەی هەڵگرت...**

**تاڵەکانی پرچی بەسەرشانیدا داو پۆشاکەکەشی پۆشی"** (ابوسعود:2009،ص85)

ئینجا بەرگی شاهانەیی لەبەر دەکات، بە جوانترین شێوە، تاجەکەی دەخاتە سەری، کە خوداوەند (ئینانا)سەیری دەکات و نیگایەکی سەرسامی پێدەبەخشێت،(فریحە:ص40)، زۆر حەیرانی (گلگامێش) بووە، دانیشتنی لەسەرکورسی پاشاتیەتی زیاتر (ئینانا)ی تینوی دیداری خۆی کردوە، بۆیە داوای هاوسەرگیری لێدەکات،(ابوسعود:2009،ص٨٥)، و پێی دەڵێت: "وەرە ئەی گلگامێش ببە بەهاوسەری من، تووی خۆتم پێبەخشە، تۆ پیاوی من بەو منیش ژنی تۆ...)".(هەرشەمی :20017،ل128).

(ئینانا) پێشنیاری بەخششینی دیاریەکی ناوازەی پێدەدات، کە گالیسکەیەکی لە ئاڵتون و بەردی لازوردی شین دروستکراو بوو، تەنانە بەڵێنی ئەوەی پێدەدات، کە ئەگەر ڕازی بێت بەو هاوسەرگیریە، بەرەکەت و زیاد بوون دەخاتە ناو بەروبووی ئاژەڵەکانی و، دوو دوو و سێ سێ بەچەیان پێدەبەخشێت(حنون:2006،ص45)؛ (هەرشەمی :2017،ل 128)، بەڵام (گلگامێش) ڕەتیدەکاتەوەو هەموو کەم و کورتی و عەیبەکانی بیردەخاتەوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی پێگەی پیرۆزی بکات، وەک لە داستانەکەدا هاتووە بەمەش ناکۆکی خۆی لەگەڵ (گلگامێش) دەست پێدەکات ((نوح:2007،ص69).

ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە کردەوەی چاک و پاڵەوانانە دەکرێت بکەر بکاتە کەسێکی جێگەی چاو تێبرینی ئومێدی پێکەوە ژیان لەسەر هەڵچنین، بەڵام مەرج نیە هەمیشە داوا لێکراو وەڵامی ئەرێنی هەبێت، چونکە هەموان هەر ئەوە بەشیاوی دیاری ڕازیبوونی بەرامبەر دەزانن، کە بەهەبوونیەوە دەنازن وەک پێوەری خۆشبەختی سەیری دەکەن، بەڵام داستانەکە ناراستەوخۆ ئاماژە بەوە دەکات، کە زۆر جار لە ئەگەری ڕازی بووندا هێندەی ڕابردووی هەڵس و کەوت کردن دەبێتە جێی سەرنج، هێندە بەڵێنی بەخشین و فەراهەمکردنی ئایندەی خۆش، ڕۆڵ ناگێرێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێویستە ژنەکان تێبگەن، هەمیشە دەشێ کاری باش و دڵسۆزی و ڕەوشتی جوان و خۆشەویستی، ئایندەی بەیەکەوبوونی پڕئاسودەیی مسۆگەربکەن، نەک بەخشینی دیاری و بەڵێنی زۆربوونی ماڵ و سامان.

پێدەچێت ڕەتکردنەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ (ئینانا) پەیوەندی بە هەوڵی پاشا وە هەبووبێت بۆ ڕیگرتن لە ڕاگرتنی ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری پیرۆز، کە لەو کاتەدا بۆ دەستەبەرکردنی بەپیتی بۆ زەوییە کشتوکاڵییەکان ئەنجام



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

دەدرا،(نوح:2007،ص69)، وە توڕەیی (ئینانا)ش لە داستانەکەدا دەتوانرێت ببەسترێتەوە بە دژایەتیی پیاوانی ئاینی پەرستگاکەی خۆی بەرامبەر بە بڕیاری هاوسەرگیرکەی لەگەڵ (گلگامێش)، (باقر:1986،ص109)، زیاتریش توڕەبوو، کاتێك (گلگامێش) پێی دەڵێت:**" گاکەت هیچ هاوتای مانگایەك نابێت..."**، هەروەها هەڵەکانی و چیرۆکە هەڵوەشاوەکانی لەگەڵ خۆشەویستەکانیدا ژماردووە کاتێك پێی دەڵێت: **"کام لە خۆشەویستەکانت هەمیشە خۆشی ویستووی...کام لە شوانەکان لێت رازی بوون هەمیشە؟"** (باقر:1986"ص110)، لەوێدا ژمارەیەک خۆشەویستی بۆی ژمارد، کە دوای ئەوەی کەوتونەتە ژێر نێچیری شەهوەت خۆیان لەدەستداوە، بەم سوکایەتی و ئاشکراکردنی عەیبەکانی لەلایەن (گلگامێش)ەوە (ئینانا) زۆر توڕە دەبێت و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە، بۆ ئەوەی لای باوکی(انکی)خواوەندی دانایی، سکاڵا لە (گلگامێش) بکات و بە باوکی دەڵێت: **"ئای باوکە گیلگامێش سوکایەتی پێکردم بمبورە..."**(باقر:1986،ص113)، هەروەها پێی دەڵێت: **"ئاگرێکم بۆ دروست بکە کە گلگامێش بخوات..."**(فریحە:ص40)، هەرچەندە باوکی سەرەتا ڕەتی کردۆتەوە، چونکە پێی گوتوە، کە ئاگاداری هەموو شتێکە وبۆی ڕوونکردۆتەوە کە ئەو، واتە (ئینانا)، هۆکارە بۆئەوەی ڕوویداوە، (گلگامێش) سوکایەتی پێنەدەکرد کە هەراسانی نەکردبوایە،(حسين :٢٠٢١،ص١٢٧).

هەروەها لەبەشێکی تری داستانەکەدا باس لە گوێگرتنی دایکی (ئینانا) لە کچەکەی دەکات، کە فشاردەخاتە سەر باوکی بۆ بەدیهێنانی داواکاریەکەی (فريحە:،ص٤٠؛ حسين٢٠٢١،ص١٢٧. بەگشتی ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەڵوێستی دروستمان هەبێت و نەکەوینە ژێر کاریگەری نزیکایەتی خوێنی، ناراستەوخۆش دەریدەخات کە هەندێک جار ژنەکان، دەکەونە ژێر کاریگەری سۆز و، لەبەرخاتری منداڵەکانیان چاو لەراستی و ئەنجامی خراپی پێداگریەکانیان دەپۆشن، ئامۆژگاری گوێبیستانی و بەتایبەتیش دایکان دەکات، کە ئەگەر هەڵوێستی لەو جۆرەیان هەبێت و تەنها بیر لەخواستی منداڵەکان مەبەست بێت دەبێت پێشهاتەکانیش لەبەر چاو بگرن.

**باسی دووەم/ ژن وەك کەسی بەخوداکراوو ئەنجامی ئەرێنی گفتوگۆکانی:**

لەبەر ئەوەی هەمیشە لەکۆمەڵگاندا کەسانێك، لەهەردوو ڕەگەزی (پیاو و ژن)، هەبوون و هەن، کە لەبەر هەندێك تایبەتمەندی، وەك خەمخۆری و لێزانی وکار و قسە لەجێی، یان شارەزایی لە زانستی سەردەم یان هونەری ڕازیکردنی دەوروبەر و...هتد، و بەزۆریش بە هۆی نزیکی خوێن و خزمایەتی، لەگەڵ کەسانی باڵادەست و پایەدار لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە، وەك کەسی ڕێز لێگراو زۆرجار پیرۆز سەیرکراون و هەندێکیان لەکۆمەڵگا کۆنەکاندا پلەی بەخوداکرانیان پێبڕاوە، ئەوانە ئەگەرویستبیان و بیانەوێت ڕەنگە وتوێژ و گفتوگۆکانیان کاربکاتە سەر کەسانی خاوەن بڕیار و ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەی هەبێت و، دەشی لەکۆمەڵگای سۆمەریشدا لەو جۆرە کەسانە هەبووبن و چاوەڕوانی ڕۆڵگێڕانی ئەرێنیشیان لێکرابێت، بۆیە ئەفسانە هۆنەکە ویستبیەتی بەشێك لەو پەیامانەی، کە بۆ ڕۆڵی ژن لەئاراستەکردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا هەیەتی، لەڕێی بەجێکردنەوەی دوو کاراکتەری ژنی بەخوداکراو، کە لەخوارەوە دەبنە بابەتی لێتوێژینەوە، لە ئەفسانەکەدا بگەیەنێت.

**یەکەم/ (نێنسۆن= ننسۆن) کەسێتی ژن لەناو داستانەکەدا:**

داستانی (گلگامێش) دەریخستوە وەک ئەوەی باوە، بڵێت کە مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ئاستەنگانەی توشیان دەبێت، جگە لەئازایەتی و ئامادەییی جەستەیی و ئامادەیی دەروونی و زەمینەسازی ئایینی و کۆمەڵایەتی....هتد شی پێویستە، ئەگەر کەسەکە نەیتوانی خۆیشی هەموو ئەمانە بەدەست بهێنێت و فەراهەمیان بکات، دەکرێت سود لە ڕاوێژکارو ڕێنیشاندەری لێزان و شارەزا بە زانستەکانی سەردەم ببینێت، دەریشی دەخات کە ژن دەتوانێت بەباشترین شێوە ئەو ڕۆڵە بگرێتە خۆی.

(نینسۆن) کە بەدایکی (گلگامێش) ناسراوە، خاوەن دانایی و زانایەکی قوڵ بووە، بەمانگای دڕندەی پیرۆز ناوی هاتووە(باقر:1986، 85)، هەروەها بە واتای مانگای ڕێزدارو جوانیش هاتووە (سمار،حبيب:2021، 4)، شاژنە (نێنسون)، کە وەک ئاماژەی پێکراوە دەتوانرێت بە یەکەم دایکی شاهانە دابنرێت لە مێژووی عێراقی کۆن، وەک کەسی شیاو بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپێرادراوە، بەتایبەتیش بەگوێرەی ئەو دەقە مێخییانەی کە لەبەردەستدا هەیە، ئەو جگە لەپێگەو دانایییەکەی خەون لێکدەرەوەیەکی بەتواناش بووە، دەکرێت بگوترێت هێنانە بەرباسی دڵکار(جدی)یانەی خەون و گرنگیدان بەلێکدانەوە، بۆ زانینی ئاییندە، بایەخی ڕۆڵی کردارەکی خەون لە ئاڕاستەکردنی ڕەوتی ژیان لەکۆمەڵگەی سۆمەریدا نیشان دەدات، هەڵبژاردنی(نێنسون) ی دایکی کارەکتەری سەرەکی داستانەکەش، بۆ لێکدانەوەی خەونەکان و ئامۆژگاریکردن و ئاسودە بوونی (گلگامێش) بەوەی دایکی گوزارشتی لێدەکات، دەرخەری ئەوەیە کە پێویستە دایک خۆی پێبگەیەنێت و شارەزای زانستەکانی سەردەم ببێت و بەلێزانی خۆی ڕۆڵی راوێژکاریی و ڕێنیشاندان بۆ ڕۆڵەکانی بگێرێت، کەش و ژینگەی پێویست لەپێناو چارەسەرکردن و زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا فەراهەم بکات،چونکە هیچ کەس هێندەی دایک دڵسۆزی ڕۆڵەکانی نیەو کەسیش ناتوانێت هێندەی ئەو لە ژێر هەژموونی کاریگەریەکانی بیروهەڵویستیان ئاڕاستەبکات.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

(گلگامێش) دوو خەونی بینیوەو، بۆ ئەوی باسکردووە(جورانی:د.ت،41)، دوای ئەوەی پێی گوت: کە **"...لە خەودا بینیومە هەسارەیەک لە نزیکەوە دەکەوێتە خوارەوە..."**، بۆی ڕوونکردەوە، کە ئەم هەسارەیە جگە لە هاوڕێیەکی دڵسۆز کە لە کاتی تەنگانەدا یارمەتی بدات، هیچی تر نیە (بوتیرو:1990، 144ومابعدها).

وەک دایکی (گلگامێش) نەک هەر حەزی لە لێکدانەوەی خەونەکانی کوڕەکەی بوو، بەڵکو ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی کە پێویستی بوو پێدابوو، (گلگامێش) تەواوی ڕووداوەکانی بەخەون بینی بوو، هەمووی بۆ (نێنسون)ی دایکی گێڕابوویەوەو ئەویش مژدەی ئەوەی پێدابوو، کە هاورێ و پشتوانێکی بۆ پەیدا دەبێت (حسن:1988، 11-12)، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکرێت کە پێشبینی بۆ(گلگامێش) دەکات، پێی ڕادەگەیەنێت کە ئەو کەسە لە ڕووی هێزەوە هاوشێوەی ئەوەو دواتر شایستەی هاوڕێیەتی دەبێت (باقر: 97،1986)، ئەوەش ئاماژەیە بۆ پێویستی مرۆڤ بەهاوڕێ و هاوهەڵوێستی و گرنگی یارمەتیدانی یەکتر، بۆ زاڵبوون بەسەر ئاستەنگەکاندا، وە خەونی دووەمی ئەوەیە، کە تەورێك لە ئاسمانەوە بەردەبێتەوەو خەڵك هەمووی کۆبۆتەوەو تەورەکە لەبەردەم پێی دایکی، واتا (نێنسون) دەکەوێت (حنون:2006، 36).

(نێنسون) تەوری وەک کەسێکی بەهێز لێکداوەتەوە، چونکە تەور لەو سەردەمەدا ئامرازی سەرەکی شەڕی سۆمەرییەکان بووە، کە هێز و ئیرادەیە، (باقر:97،1986؛ نوح:1971، 80-82)، یان بەشێوەیەکی تر ڕاڤەکەی کراوە، کە ئەو تەورە هاوڕێیەکەو لە مەترسی ڕزگاری دەکات (جورانی :د.ت، 42) وە پێیگوت: ئەو تەورەی بینیوتە پیاوێکەو بەهێزترینە لە وڵاتدا، وەک چارەنووسی زلهێزی خوداوەند ئانو وایە(سمار،حبیب:2021، 4)، ئەمەش (گلگامێش)ی دڵخۆش کردووە و وایکردووە بە تامەزرۆیەوە چاوەڕێی بکات تا چاوی پێی بکەوێت، پاشان تا (گلگامێش) بڕیاری دەرچوون دەدات پەیوەندی لەگەڵ دایکی دەپچڕێت، ئینجا بە (ئەنکیدۆ) دەڵێت ئەی هاوڕێکەم هەستە لەگەڵم وەرە بۆ پەرستگای (ئی- کال-ماخ)، بۆلای خاتوو (نێنسون)ی داناو وردبین و پڕ لەزانیاری، ئامۆژگاریمان دەکات و هەڵەکانمان بۆ ڕاست دەکاتەوە (جورانی :د.ت، 42).

کەوتنە خوارەوەی (تەور) وەک ئامرازی سەرەکی شەڕکردن لای سۆمەریەکان و، ڕاڤەکردنی بە نیشانەی دەرکەوتنی بە هێزترین کەسایەتی و وێناکردنی بە ئیرادەو هێز، لەبەر پێی دایکی و بە پێویست زانینی هەردوو لا بۆ سەردانیکردنی و ڕاسپێردرانی بە ئەرکگەلی تر لە داستانەکەدا، جەختکردنەوەیە لەسەر بەهێزی(نێنسون) وەک ژن، کەپێویستە بۆپشتیوانی پیاو تا بەهێزبێت و هەر بەبەهێزیش بمێنێتەوە، وە ئەمەش پشت ڕاست دەکاتەوە، کە ئەفسانە هۆنەکە وەک ئەوەی باوە، ویستویەتی بڵێت لە پشت هەموو پیاوێکی بەهێز ژنێکی بەهێز هەیە.

(نێنسۆن) تەنها شاژن یان خوداوەند نەبوو، بەڵکو ژیر و شارەزای زۆرێک لە زانستەکانی سەردەمی خۆی بوو، بۆیە (گلگامێش) وای بینی ڕێنماییکردنی ئەو بە ئامۆژگارییەکانی، یارمەتی هەردووکیان دەدات بۆ تێپەڕاندنی ئەو سەختییانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە لەکاتی گەشتکردن بۆدارستانی ئورزو(سنەوبەر)(باقر:1986، 87)، لەبەر ئەوەش، کە وەک دەردەکەوێت ئەفسانەکە دەیەوێت جەخت لە گرنگی ئەتەکێت و بەکارهێنانی زمانی دیبلۆماسی و زەمینەسازی پێویست، لەمامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردن و وتوێژکردن، بە گوێرەی پێگەو ئاستی تێگەیشتن وجۆری پەیوەندی نێوانیان، لەگەڵ ئەوانەی پێویستی پێیانە، بکاتەوە، بۆیە نیشانی داوە کە (نینسۆن) ڕێوڕەسمەکانی جێبەجێکردو عەزیەیەکی لەبەرکرد، کە لەگەڵ جەستەیدا بگونجێت، و سنگی جوان ڕازاندەوە، تاجی لەسەر سەری دانا، پاشان بخوری سوتاندو و قوربانی بۆ خۆر پێشکەش کردو (باقر:1986: 103)، گوتی:

**"بۆچی دڵێکی پڕ لە شڵەژانت بە گلگامێشی کوڕم دا کە جێگیر نابێت. ئێستاش هانم دا، بۆیە بڕیاریدا سەفەری دوور بکات.. بۆ زێدی خومبابا تا ئەو ڕۆژەی دەڕوات و دەگەڕێتەوە.. شەڕێک بەرەوڕووی دەبێتەوە کە کۆتاییەکەی نازانێت بە ڕێگایەکدا دەڕوات کە نایزانێت تا دەگاتە دارستانی ئورزو و خومبابای جنۆکە دەکوژێت.. وە هەر خراپەیەک کە ڕقت لێیەتی لەسەر زەوی بسڕەوە، بووکەکەت (ئای) ئەوت بیر دەخاتەوە"**، (باقر:1986: 103 .(

پاشان داستانەکە دەریخستوە، ناوبراو بۆئەوەی گەشتی کوڕەکەی بە بەستنەوەی هاوڕێکەی بە پەیوەندی برایانەی نێوانیان، سەرکەوتووبێت، هەنگاوێکی دیکەی ناو (بەکوڕی خۆکردن= تەبەنی)ی (ئەنکیدۆ)ی ڕاگەیاند و گوتی:

**"ئەی ئەنکیدو بەهێز کە لە سکی من نییە من پێشتر تۆم وەک کوڕ وەرمگرتووە..."** (باقر:1986، 104).

پاشان بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لێی ملوانکەی گەوهەری لە ملی بەست پێی گوت: **"سەیرکە من کوڕەکەمت پێ دەسپێرم، بۆیە بە سەلامەتی بیگەڕێنەرەوە بۆ لای من"** (باقر:1986، 104).

پەیوەندی (نێنسون) بە کوڕە پاڵەوانەکەی پەیوەندیەکی ئاساییەو وەك پەیوەندی هەردایك و ڕۆڵەیەکە، هەر ئەم پەیوەندیە بەهێزەش بوو هانیدا تا وا لە(گلگامێش) بکات بڕوات بۆ دراستانەکە، ئەمەش کاریگەری پەیوەندی دایکانەی کۆمەڵگەی سۆمەری دەردەخات، کە لە دەقە یاسایی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیشدا گرنگی پێدراوە،(جورانی :د.ت،ص44).

**چوارەم: هاوسەری پاڵەوانی لافاو (ئۆتۆناپشتم):**

چوارەمین کارەکتەری مێینە، کە بەبێ ئاماژەکردن بەناوەکەی، لە داستانی (گلگامێش)دا باسی لێوە کراوە، هاوسەرەکەی (ئۆتونابشتم)ی پاڵەوانی لافاوەکەیە و، بەپێی ئەفسانەی عێراقی کۆن بێت، یەکێک بووە لەو دوو کەسەی دوای لافاوەکە خۆی و هاوسەرەکەی نەمریی خواوەندیان بەدەستهێناوە، گرنگترین شت لە ڕۆڵەکەیدا، ڕێگریکردنی لە هاوسەرەکەی بوو بۆ زیانگەیاندن بە (گلگامێش) لە ڕێگەی جادووەوە، دوای ئەوەی (گلگامێش) پێداگری ئەوەی کرد(حبيب:2021،ص128)، لە ماناو واتای نەمری تێبگات، (ئوتوناپشتم) بە (گلگامێش)ی گوت بۆماوەی شەش ڕۆژو حەوت شەو نەخەوێت، هەرچەند ئەو هەوڵی زۆریدا، بەڵام لەشەشەم ڕۆژ پێڵوی چاوەکانی قورس بوون و خەوی لێکەوت تا شەش ڕۆژ (ولكشتاين،نوح:2008،ص26)، دوای ئەوەی (گلگامێش) لە تاقیکردنەوەکەدا دۆڕا، خێزانی ئوتونابشتم داوای لە هاوسەرەکەی کرد، کە لە خەو هەڵیسێنێت و بە سەلامەتی بینێرێتەوە بۆ لای خێزانەکەی (حبيب:2021،ص128)، گوتی :**"دەست لە پیاوەکە بدە بۆ ئەوەی لە خەو هەڵسێت، وە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، لەو ڕێگەیەی لێوەی هاتووە، بۆ ئەوەی بچێتەوە ناوزێدی خۆی لە ڕێگەی ئەو دەرگایەی کە لێیەوە دەرچووە"**(باقر:1986،ص162).

ژنەکە مامەڵەی جوان بووە، لەگەڵ (گلگامێش) وهاوسەرەکەی رازی کرد، بۆ ئەوەی شتێکی پێ بدات تا قەرەبووی ئەو ناخۆشیانە بکاتەوە، کە بەهۆی سەفەرەوە تووشی بووە، (حبيب:2021،ص128) ژنەکەی هەستی بەماندووبون و بێزاری (گلگامێش)کردبوو (ولكشتاين،نوح،2008،ص26)بۆیە گوتی: **"گلگامێش هاتە ئێرە، ماندوو بووە...، کاتێک دەگەڕێتەوە وڵاتەکەی چی پێ دەدەیت؟"** (باقر:1986،ص162)،

لەوەی سەرەوە دەردەکەوێت، کە هاوسەری پیاوی لافاوەکە ڕۆڵی میهرەبانانەی ژنی بینیوە و، وەك بەزەیی هاتنەوەیەك بە (گلگامێش)دا داوای لە هاوسەرەکەی کردووە، دیاریەکی پێبدات ئەویش داواکاریەکەی جێبەجێکرد و ڕێنمایی کرد(احمد:1988،ص20-21) دوای گفتوگۆی زۆر، (ئوتوناپشتم) (گلگامیش) زۆر دڵتەنگ و خەمبار بوو خۆی ئامادەکرد بەرەو شاری ئوروك بگەڕێتەوە، پاشان (ئوتوناپشتم) نهێنیەکی پێگوت (الجوراني: د.ت، ص47،) لە نهێنیکانی خواوەندەکان و، پێی گوت ڕووەکێکی دڕکاوی (میوەی ژیان) هەیە لە قوڵایی دەریاکاندا، هەرکەسێك بیخوات گەنجێتی پێدەبەخشێت نەك نەمری(احمد،1988,ص15).

ناوبراو گەیشتە قوڵایی دەریاکەو توانی بگات بە میوەکە، دڵخۆش بوو بەدۆزینەوەی ڕووەکەکە تا - وەك کەسێکی گۆشکراو بە گیانی نیشتمان ومیلەت پەروەری- بیباتەوە لەشاری ئورک بیداتە پیرەکان و گەنج بنەوە، بەڵام لەکاتی خۆشۆردنیدا مارێك دێت و ڕووەکەکە دەخوات و دەستبەجێ پێستەکەی نوێدەبێتەوە، ئەمەش دەبێتە مایەی دڵتەنگی (گلگامێش) کە نەیتوانی لە میوەی ژیانی بخوات، سەرەڕای ئەو هەموو نارەحەتی و ناخۆشییە چیرۆکەکە، کە بە نائومێدی لەگەیشتن بە ئەنجامە بەئامانج گیراوەکەی، کۆتایی هات(محروس: ١٩٧٧، ص119)؛ (احمد:١٩٨٨، ص22- 23)، بەڵام ئەو دەرفەتەی بەهۆی گفتوی نێوان (ئۆتوناپشتم)و هاوسەرەکەی و کاریگەری پێشنیاری هاوسەرەکەی(وەك ژنێك) لە پێدانی دەرفەتێکی تر بە(گلگامێش) و، نەتوانینی ناوبراو لە پاراستنی بەرهەمی ئەو دەرفەتە - وەك پێشتر باسکرا- هاوشێوەی کاریگەریی ئامۆژگاری (سیدرۆ)ی لەئاراستەکردنی بیری (گلگامێش) - کە بابەتی باسی یەك لە تەوەرەکانی دواتری ئەو توێژینەوەیە - ڕۆڵی هەبوو بۆ وازهێنانی لە لەهەوڵدان، بۆ بیرکردنەوە لەگەیشتن بەمەحاڵ و ڕەواندنەوەی ئەگەری سەرگەردان بوون و بێ هیوا بوون لەژیان، کە لەوانە بوو بەهۆی ڕینوێنی نەکرانی لە دۆزینەوەی ڕێگای بەدەستهێنانی نەمری لەسەرەتادا، توشیهاتبا.

(گلگامێش) شکستی هێنا لەگەران بەدوای نەمریدا بەڵام لە مانای ژیان و مەبەستەکانی و، واتای ئازادی بۆهەموان و ژیان لەپێناو هەمواندا، تێگەیشت و بۆشی دەرکەوت ئامانجی نەمریی تەنیا هێشتنەوەی زیندومانەوە نیە، بەڵکو ئەنجامدانی کاری گەورەیە لەپێناو ئامانجی مرۆڤایەتی بە گشتی، کە دەبێتە هۆی هێشتنەوەی ناوی بەنەمری، دوای لە دەستدانی هیوای نوێبونەوەو گەنج بوونەوەو نەمانی ئومێدی نەمری، کۆتایی هاتنی خەونەکەی، بەرەو شاری ئورك گەرایەوە، دواتر دیوارو پەرژین و شورای بۆ شار دروست کردوە(احمد،١٩٨٨،ص١٥) لە دواتردا (گلگامێش) دەمرێت و هەموو کەس و نزیك و هاوسەرو منداڵ و دارودەستەکەی لە گەڵیدا دەنێژرێن، وە لەدەقێکی داستانەکەدا باس لەو دیاریانە کراوە، کە ناوبراو دەیبات بۆ خواوەند (ئیرشیگیکال) کە خواوەندی جیهانی ژێرەوەیە(طه باقر: ١٩٧٩، ص130)؛ (احمد: ١٩٨٨ ص١٥)،

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە داستانە ویستویەتی بڵێت: ژنان هەمیشە لەمامەڵەکردن لەگەڵ پێشهاتەکاندا زیاتر لەپیاوان لەسەر بنەمای سۆز، مامەڵە دەکەن و زۆرجاریش دەکرێ بەهۆی دەربڕینی سۆز، پیاوان بخەنە ژێرکاریگەری خۆیان و پێداگری و بەرهەڵستیان بگۆڕن بەیارمەتیدان، جگە لەوەش دەست پێشخەریەکەی هاوسەری (ئوتوناپشتم)، و گۆڕینی ڕای ناوبراو لەنکۆڵی کردن بۆ یارمەتیدان لەکۆتاییدا بەرئەنجامی ئەرێنی لێکەوتەوە،چونکە وەک گوترا لەبری گەران بە دوای نەمری بریاری ئاوەدانکردنەوەی وڵات و نواندنی هەڵوێستی جوان و مامەڵەکردنی باش لەگەڵ هاوڵاتیانی داو بەکارەکانیشی وایکرد بۆهەمیشە ناوی بەنەمری بمێنیتەوە.

**بەشی دووەم / ژن وەک مرۆڤی مێینەو ڕۆڵی ئەرێنیانەی لەپێگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا:**

ئەگەرچی ژنان وەك مرۆڤ و بوونەوەری كۆمەڵایەتی، چ وەك(دایك یان هاوسەر یان خوشك وكچ)، لەگەڵ پیاوان و هاوڕەگەزەكانیان لەچوارچێوەی خێزان و ژینگەی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەدا، بەندازەی بەریەكەوتن و مامەڵەكردن لەچواچێوەی نەرێتی باوی پێگەشتن وگەورە بووندا، دەبنە خاوەنی كەسایەتی تایبەت بەخۆیان و، هەریەكەیان سروشتێكی تایبەتی ژیان وگوزەرانی گونجاو لەگەڵ بیرو نەریتی باوی كۆمەڵگا هەڵدەبژێرن، ڕەنگە هەندێك جاریش هی هەندیكیان، لە گەڵ بیركردنەوە و دنیابینی ئەرێنی و نەریتی باوی كۆمەڵگا ناكۆك بێت ولەتێڕانینی گشتیدا، نامۆ و نەشیاو وێنا بكرێت و، خاوەنەكەی سەنگێن لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە هەژمار نەكرێت، بەڵام هەردە توانێت، بە توانستەكانی لەمامەڵەكردن و لێزانی لەكێشكردنی سەرنجی دەوروبەروبەردا، لەهەمبەر هەڵوێست و پێشهاتی چارەنوسازدا رۆڵی ئەرێنی و كاریگەری هەبێت و، لە ئاراستەكردنی مێژووی كۆمەڵگا، بەرەو پیشكەتن و گەیشتن بە ئامانجی گشتی بەشداری بكات. دەشی داستان نوسەكەش لەڕێی هەڵبژاردنی دوو كارەكتەری خاوەن پیشەو سروشتی جیاواز، لەهەناوی كۆمەڵگادا، كە بۆ ئەم توێژینەوەیەش جێی مەبەست بوون و لەخوارەوە كراونەتە بابەتی لێكۆڵینەوە، گەرەكی بووبێت هەمان پەیام بگەێنێت:

**یەكەم/ شەمخە وەك كاهینی خۆشەویستی و سۆزانیەك:**

یەكەم كارەكتەری مێینە لەپێگەی كۆمەڵایەتی خۆیدا، كە لە داستانی (گلگامێش)دا ئاماژەی پێكراوە، ئەو كارەكتەرە سۆزانیەیە، كە بەرفەرمانی (گلگامێش) لەلایەن ڕاوچییەكەوە بەكارهێنراوە بۆ ڕاكێشانی سەرنجی (ئەنكیدۆ)، ناوبراو لەداستانەكەدا بە (حاریمتو یان شەمخاتوو(ناوی هاتووە)، (شەمخە یان شەمهات) بەزمانی ئەكەدی واتا وەسوەسەكار(حنون:2006،ص34).

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێكردنە بەشێك لە كاهینەكان سوێند خۆر بوون تا تێكەڵی پیاو نەبن و بەشێكیان وەک (شمخه) تایبەت بوون، بە گۆرانی گوتنی پیرۆز لە پەرستگای (ئینانا)ی سۆمەری، هەروەها یەكێك بوو لەو ژنانەی ئەركیان ئەوەبوو وەچە بخەنەوە و پێویست بوو تێكەڵی پیاوان بن، ئەمەش ڕەنگە لای ئەوان مانای لەشفرۆشی نەبووبێت(حسین:2021،ص123)، بەڵكو جۆرێك بووە لەرێوڕەسمی ئاینی و لەبەهاردا جێبەجێكراوە (باقر :1986،ص76).

ناوبراو لە داستانەكەدا وەک ژنێک وێناكراوە، كە سەرەرای لەبەر چاو نەگرتنی نەریتی جوانی كۆمەڵگە و هەڵسان بە پیشەوكاری نەشیاو و دوور لەئادابی گشتی، و بەو جەستەو شێوازی گفتوگۆی سۆزانیانە، چەندین كەسی لە خشتەبردووە و كردوونیەتە نێچیری هەواو ئارەزوەكانی و، لەكۆمەڵگە دوورخستونەتەوە، دەكرێت كاری ئەرێنیشی پێ بكات، بەتایبەت لەگەڵ پیاوان كە زۆربەیان ناتوانن خۆیان لەداوی جەستە و مامەڵەی سۆزداریانەی ژن بپارێزن، تەنانەت دەتوانێت مرۆڤ لە كەودەری(توحش) و دواكەوتوییەوە، بكاتە كەسی كۆمەڵایەتی و سود بەخش، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە ژن بەو تواناو تایبەتمەندیانەی هەیەتی، هەرچەندە زۆریش خراپ بێت، دەكرێت لەپاڵ كارە خراپەكانی ڕۆڵی ئەرێنیانەش بگێرێت، ئەمەش بە ڕوونی لەباسی ناوبراو لەداستانەكەدا ڕەنگی داوەتەوە كاتێک دەڵێت:

**"كاتێک ئەنكیدۆ دروستكرا لەپاڵ ئاژەڵە كێویەكان دەژیاو لەدارو درەختەكانی دەخوارد "** (سعود:2009،ص٩٨)، رۆژێك كوڕێكی ڕاوچی ئەو بوونەوەرەی لەناو ئاودا دەبینێت و تۆرەكەی دەدڕێنێت و چاڵەكەشی پردەكاتەوە، كوڕەكە زۆر دەترسێت و دەگەرێتەوە لای باوكی و ڕووداوەكەی بۆ باس دەكات، ئەویش بەباشی دەزانێت بینێرێتە لای پاشا (گلگامێش) و بەسەرهاتەكەی بۆ بگێرێتەوە(حسن:1988، ص11-12 ومابعدها). باوكی ڕاوچیەكە بە كورەكەی گوت: **"برۆ بۆ ئوروك و ڕووبەڕووی نیوەی ببەوە، وە بۆگلگامێش باسی بەهێزی ئەم پیاوە بكە، با لەشفرۆشێكت پێ بدات تا لەگەڵ خۆتدا بیبەیت ئەی ڕاوچی...، با كۆنترۆڵی بكات و ڕامی بكات"** (باقر:1986،ص41ومابعدها).

كاتێك (گلگامێش) گوێبیستی چیرۆكەكە دەبێت، بریاردەدات ئەو بوونەوەرە دڕندەیە ڕاوبكات(حسن:1988، ص11-12 ومابعدها).بۆیە پێی دەڵێت **"كە ئەنیكدۆ دەركەوت با شمهات جلكەكانی دابكەنێت حەزو ئارەزووی خۆی بۆ دەربخات"** (علی: 2000،ص192)، پاشان ڕاوچیەكە بە لەشفرۆشەكەی گوت : كە پیاوە دڕندەكەت بینی نهێنی خۆتی بۆ دەربخەو لاشەتی بۆ ڕووت بكەوە، شەرم مەكەو سەرنجی بەلای خۆتدا ڕابكێشە بەم كارەش لە ئاژەڵەكان و بیابان دوور دەكەوێتەوەو خۆشەویستی بەتۆ دەدات (باقر:1986،ص ٩٥).

ئینجا (شەمخە)ی نارد بۆلای و ئەویش پێی گوت :**"ئەنیكدۆ تۆ جوانی لەشێوەی خواوەندەكانی لەگەڵ من وەرە بۆ شاری ئورك، ئوركی بە شورە دەورە دراو لەوێ گلگامێشی بەهێزی لێیەو كچی جوان و سەرنج ڕاكێشی لێیە، ئەنیكدۆ ڕازی بوو پێی گوت ئەی شمخە لەگەڵم وەرە بۆ پەرستگای پیرۆز بۆماڵی ئانۆو ئینانا بانگم بكە":** (باقر:2009،ص 97)، بەردەوام بوو لە ستایشكردنی و پێی گوت**"تۆ ژیر بوویت ئەنكیدۆ وەک خودایەک بوویت، كەواتە بۆچی لەگەڵ ئاژەڵەكاندا لە بیاباندا سەرگەردان بوویت؟"**، واتا وەسوەسە بەكاردەهێنێت، وەك ئاماژەی پێكرا ناوەكەشی بەو واتایە هاتووە، ئەوەش زۆرجار یەكێكە



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

لە ئامرازەکانی دەستی ژنان بۆ ڕاکێشانی پیاوان و، لەشفرۆشەکەش بە لێهاتووییەوە وەریگرتووە بۆ ئەوەی پاڵنەرێک بۆ ژیان بدات بە (ئەنکیدو) (حبیب:2021،ص124).

ئینجا (شمخە) بە (ئەنکیدۆ)ی گوت: **" تۆی ئێنکیدۆ کە بەدوای خۆشیدا دەگەڕییت لە ژیاندا، گلگامێشت پیشان دەدەم کە دڵخۆشە بە ژیان و پێویستە سەیری بکەیت و چاوی لێ بکەیت....،وە دەبینیت شانازی بە پیاوەتی و جلک و بەرگەکەیەوە دەکات، وە جەستە جوان و دڵڕفێنەکەی شیرینتر دەبێت، وە لە تۆ بەهێزترە و شەو و ڕۆژ جێگیر نابێت"** (باقر:1986،ص85).

لێرەدا دەکرێت بگوترێت داستاننوسەکە دەیەوێـــت دەریبخات، کە ژن ئەگەر خراپیش بێت، کاتێك بریاری هەڵسان بدات بەکاری چاکەو پەروەردەکردن، وەک ئەوەی دروســـتە ئاوا مامەڵە دەکات و، هەروەها دەیەوێت بڵێت: بۆ ئەوی کۆمەڵگایەکی تەندروستت دەستکەویت، واباشە بابەتی پەروەردەکردن زیاتر بە ژن سپێردرێت نەک بەپیاوان.

بەڵام (شەمخە) دەترسا هاندانی ئەو بۆی، ببێتە بێباکی و هەڵسێ بە ئەنجامدانی شتی مەترسیدار، بە پێویستی زانی هاندانی خۆی بۆ کەم بکاتەوە بۆ ئەوەی حەماسەتەکەی نەگاتە ئاستێک کە بێباکی بکات، ئینجا زیاتر ئاگادارکردنەوەکانی باسکرد بۆی بە ڕوونی: (حسین:2021،ص124)، پێی گوت:

**"گیلگامێش (شـــەمس) ئاگاداری دەبێت و دەیپارێزێت، وە ژیانی (ئانو) و (ئەنلیل) و (ئایا)... گلگامێش لە خەونیدا دەتبینێت لەکاتێکدا ئەو لە ئوروکە"**(باقر:1986،ص85-86).

داســتانەکە دەشــیهەوێت لەگەڵ ڕێنمایی کردن بەســپاردنی پەروەردە بەژن، وەك پێشــتر ئاماژەیی پێکرا، کارامەییشـــی لە پەروەردەکردندا بیســەلمێنێت، لەو ڕووەشــەوە وتراوە لەبەرئەوەی (شــمخە) توانای ئەوەی هەیە، کە (ئەنکیدۆ) بکاتە توخمێکی کاریگەر لە کۆمەڵگادا، بریاریدا بە ئاراستەی خوازراودا ڕێنمایی بکات، تا بتوانێت ئەو پێگەیەی کە شایەنیەتی بەدەستی بهێنێت و(حبیب:2021،ص124).

شــەش ڕۆژ و حەوت شــەو لەگەڵی دەمێنێتەوە، بە شــێوەیەکی کردەیی فێری شــێوازی نوێی ژیانی کرد، دەســتی گرت و ڕێبەرایەتی کرد، وەک ئەوەی منداڵێک ڕێبەرایەتی دەکرێت، بردییە کوخی شـوانەکان، ئەو شـوێنەی کە شـوانەکانی پەرسـتگای شـارەکە کاریان تێدا دەکرد، و ئاژەڵەکانی لێ بوو، (باقر:1986،ص88-89)، تەنانەت لە دەقەکەدا هاتووە، لە ڕۆژی هەینی نانی پێشــکەش دەکەن، بەڵام لە چاوەکانیدا نیگایەکی ســـەرلێشـــێواو بەدی دەکرا، چونکە نەیدەزانی نان بخوات و شـــەراب بخواتەوە(باقر:2009،ص103).

لێرەدا (شــمخە) فێری نان خواردنی دەکات و پێی دەڵێت نانخواردن پێویســتیەکی ژیانەو تا تێردەبیت بخۆو، حەوت پەرداخ شەرابی پێدەدات تا بەتەواوی سەرمەست دەبێت و دەست دەکاتە گۆرانی گوتن(حنون:2006،ص37).

وەک گوتراوە کە (شـــمخە) وەك کچێك، بەم کارەی ئامانجی ئەوەنە بوو (ئەنیکدۆ) لە ئاژەڵەکان دوور بخاتەوە، بەڵکو دەیوســـت پەروەردەی بکات و ڕای بهێنێت تا بێتە بەرامبەر (گلگامێش) و بیخاتە ململانێوە، داســتانەکە باســی ئەوە دەکات، کە ژنەکە بۆ ئەوەی سـۆز و هەسـتی خۆی پیشـان بدات لەبەردەم (ئەنکیدۆ)، جلەکەی داکەند، توانیشـی بەهۆی هێزی سـۆزداری ژنانەی و کارتێکەرە جەسـتەییەکانییەوە، سـەرنجی ڕابکێشـێت و غەریزە خەوتووەکەی بەئاگا بێنێتەوە (فریحە:1979،ص١٤).

ئینجا قەناعەتی پێدەکات بچنە شـــاری (ئورك)، کە دەگەنە شـــارەکە و، لەگەڵ گەشـــتنی، خەڵکەکە دڵخۆش دەبن و پێیان وایە ڕزگاریان دەبێت، دواتر شەڕو ململانێیەکی قورس لە نێوان هەردوو پاڵەوانەکەدا ڕوودەدات، لە پڕ (گلگامێش) واز لە (ئەنکیدۆ) دەهێنێت و چەند قســـەیەك دەکەن و دەبنە هاوڕێ، دواتریش ڕاهێنان بە (ئەنکیدۆ) دەکەن، لەســـەر فێربوونی ژیانی مرۆڤ وشێوازی خواردن و خواردنەوەو جلك و بەرگ و پۆشین، وەك نەریتێکی ئەو سەردەمەو بەمەبەستی پیروزکردنیشی لەپەرستگا، لاشـەی بە ڕۆنی زەیتون چەوردەکەن، پاشـان (گلگامێش) دەیباتە پەرسـتگای خواوەند و دەبێتە هاورێی نزیکی: (حسـن:1988، ص11-12 ومابعدها).

دەقی داستانەکە وێنەیەک لەو ئازادییەی، کە لە ڕابردوودا بۆ ژن هەبووە، نیشان دەدات، دووپاتکردنەوەی ڕێزگرتن لە ژنان لەلایەن کۆمەڵگەی سۆمەرییەوە دووپات دەکاتەوە، (فریحە:1979،ص١٤).

لێرەدا دەردەکەوێت (شەمخە) هەوڵیداوە بەراوردێک بکات بۆ (ئەنیکدۆ) لە نێوان ژیانی ئێستای، کە تیایدا دەژی لەگەڵ ئەو ژیانەی کە پێشـتر لەگەڵ ئاژەڵەکان و لە بیابانەکاندا هەیبوو, ئەوەی بۆ روون کردۆتەوە، کە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان ژیانی بیابان و ژیانێک، کە لە (ئوروک)دا هەیە، کەتیایدا تاک دەتوانێت بژێوی خۆی دابین بکات، لە بەشـی کۆتایی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە ژنە خاوەنی ئەو لێهاتوویی و هێزە کاریگەریەیە، کەتوانای ئەوەی هەیە هەر پیاوێک ڕام بکات، ئەو کارامەییانە تەنیـا لە لایەنی ســـۆزداریـەوە، ســـنووردار نـەبوون، بەڵکو ئـامرازەکـانی دیکەی وەک ڕێنمـایی و پەروەردەشـــی لەخۆگرتووە(حبیب:2021،ص123-124).

خۆ ئەگەر بێت و (ئەنكیدۆ) وەك نمونە و نوێنەری مرۆڤی جیهانی ناشارستانی ودەشت و دەرگەڕ(بدو)و ژیانی كەودەری(وحشی) بێت و، (گلگامێش) ودانیشتوانی (ئوروك)یش وەك نمونە ونوینەری مرۆڤی جیهانی شارستانی(متحضر) و بەكۆمەڵایەتی بوون، وێنا بكرێن، ئەوا دەشێ (شمخە) وەك ژن، بەو كارامەیی و تایبەتمەندی و توانستی قایلكردن وكاریگەری دروستكردنەی لە سەر تاك هەیبووە، وەك نمونەی مرۆڤی وشیار و پێشەنگ، ڕۆڵی بەدیهێنانی گۆڕانكاری كۆمەڵایەتی وسیاسی، بەئاڕاستەی باشكردنی سروشتی ژیان لەیەكتر تیگەیشتن و تەبایی وپێكەوە هەڵكردن وكاركردنی، لەئەفسانەكەدا پێسپێردراوە.

**تەوەری دووەم/ڕۆڵی سیدۆری خاوەن میوانخانە(مەیخانە):**

مردنی (ئەنكیدۆ) و ترسانی (گلگامیش) لە مردن، وایكرد زنجیرەیەك سەركەشی دەستپێبكات، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەرێكی جادوویی لە دژی مردن، بەزەوی و دەریاو زەریاكاندا گەڕا، دوای هەوڵدانێكی زۆر و تێپەڕاندنی ژمارەیەك مەترسی(باقر:1976.ص113-114) لەپێناو گەیشتن بوو بە پیاوی لافاوەكە (ئوتونابشتم)كە_ پێشتر ئاماژەی پێكرا_، بۆئەوەی داوای چۆنیەتی مانەوەی هەمیشەیی لێ بكات، و پرسیاری گرێ ی ژیان و مردنی لێ بكات، هەولێكی بێ وچانی داو مەترسی زۆری تێپەڕاند. (احمد، 1988، ص18-21).

كاتێك (گلگامێش) لە میانەی ڕۆیشتنی بۆ لای پیاوی لافاوەكە، ڕێی كەوتە یانەیەك، كە خاوەنەكەی ئافرەتێك بوو بەناوی (سیدوری) و، پێنجەم كارەكتەری مێینەیە لە داستانی (گلگامێش)دا، كە لەكەنار دەریاكە دووكانی مەی فرۆشی هەبوو(احمد:1988،ص20-21)، ئەوێ شوێنێك بوو تایبەت بە پشوودانی نەمران، تا تیایدا بمێننەوەو پشویەك بدەن، بەلام (سیدۆری) زۆر هەستی بەترس و دڵەڕاوكێ كرد، كاتێك لاشەیەكی زەبەلاحی نیمچە رووت و نیوە داپۆشراو بە پێستەی ڕەشی ئاژەڵەوە بینی، (حنون:2006ص53) بۆیە هەر زوو دەرگای مەیخانەكەی قفلكرد، (ولكشتاین، نوح:2008،ص24).

باسی خاوەنی ئەو میوانخانەیە كە (گلگامێش) لەكاتی گەشتكردندا ناسیویەتی، ئاماژەیە بۆ دێرینیی بوونی موڵك و ماڵی تایبەت و خاوەندارێتی ژنان، لەراستیدا داستانەكە دەیەوێت ئەوە بڵێت، كە بەشداریكردنی سەربەستانەی ژن لەكاری ئابوری و پەیداكردنی بژێوی دا، كە پرسێكی زۆرگرنگە و نیشانەی پێشكەوتنی كۆمەڵگە دەگەیەنێت، یان پێشتر بوونی هەبووە یان پیویست بەدی بهێنرێت و پەرەی پێبدرێت.

داستانەكە ئاماژەی بە وە نەكردووە داخۆ خاوەنی میوان خانەكە خۆی بەڕێوەبەر بووە و یاریدەدەر یان پارێزەری هەبووە، یان نا، دەشێ نوسەری داستانەكەش بە پێویستی نەزانیبیت باسیان بكات، چونكە هیچ پەیوەندییەكیان بە ناوەڕۆكەكەیەوە نییە، بەڵام پێدەچێت هەرخۆی بەتەنیا هەمەكارەبوو بێت و كەسی تری لەگەڵ نەبووبێت، چونكە ئەو ترسەی لەكاتی بینی (گلگامێش) دا هەیبوو، وایكرد ناچار وبێت دەرگاكەی بە قفڵێک دابخات، ئەگەر یاریدەدەر یان پارێزەری هەبوایە، ناچار نەدەبوو دەرگاكە قفڵ بكات، (حبیب:2021،ص123). هەروەها داستان نوسەكە دەشیهەوێت لە گفتوگۆی نێوان (سیدوری) و (گلگامێش) دا، وەك ئەوەی باوە بڵێت: ژنان هەمیشە لە كەسانی نامۆ و ناپوخت دەسڵەمێنەوە، دەرگە داخستنیش وەک لە پێشترین چەکی خۆپارساتن دەبینن، پیاوانیش كە خۆیان بەتواناو لێهاتوویی بایی دەبن و خەونی مەزنیان هەیە، وادەزانن هەموان لەناخیان تێدەگەن، كاتێكیش پێشوازی پێویستیان لێناكرێت نیگەران دەبن كە هاوخەمیان نین، بۆیە بەكردەوەكانیان خۆیان دەناسێنن و منەتباری ئەو كردەوانەیان دەكەن، كە پێیان وایە بۆ سودی گشتی ئەنجامیان داوە، بۆیە دەبینین:

كاتێك (سیدوری) دەچێتە سەربانی مەیخانەكە (گلگامێش) قسەی لەگەڵ دەكات وپێی دەڵێت دەرگاكە دەكاتەوە یان بشكێنێت؟بەڵام (سیدۆری) پرسیاری هاتنی لێدەكات(حنون:2006ص54)، ئەمەش (گلگامێش)ی توڕە كرد، كە بیری لێكردەوە كارەكەی سووكایەتییە بەو، بۆیە ئامۆژگاری كردو گوتی :

**"چیت لە من ڕەتكردۆتەوە خاوەن میوانخانە... دەرگاكەت لە ڕووخسارمدا قفڵ كرد....؟ دەرگاكەت دەشكێنم و دەرگای چوونە ژوورەوە دەشكێنم"**

(گلگامێش) خۆی بە خاوەن میوانخانەكە ناساند..

**"من گیلگامێشم، من ئەو كەسەم كە گاكەم گرت كە لە ئاسمانەوە دابەزی و كوشتم... وە شكستم بە پاسەوانی دارستانەكان هێنا شكستم بە خومبابا هێنا"**(باقر:1986،ص133-134).

ئەو باسی خۆی بۆ دەكات و چیرۆكی ئەو كارە قارەمانانە دەگێڕێتەوە، كە لەگەڵ هاوڕێكەی (ئەنكیدۆ) كردوویەتی، وە لە هۆكاری دەركەوتنی بە دڵتەنگی پرسیاری لێدەكات، ئەویش باسی مردنی (ئەنكیدوی) بۆ دەكات، چۆن بۆ ماوەی شەش ڕۆژ و حەوت شەو بەردەوام بووە لە گریان بەسەریدا و، خۆی لە ناشتنی بەدوور گرتووە تا كرم لەسەر جەستەی دەركەوتووە، پاشان ترسی مردن دایگرتوەو، وەک چۆن دڵنیا بووە، كە هەمان چارەنووسی (ئەنكیدۆ) ڕووبەڕووی دەبێتەوە، (گلگامێش) پرسیاری ئەوە دەكات سەبارەت بەو ڕێگایەی، كە بەرەو (ئوتونابشتم) دەڕوات، بۆیە پێی دەڵێت كە جگە لە خوداوەند شەمش كەس ئەو

زەریایەی نەبڕیوە، کە (ئوتوناپشتم) تێیدا دەژی، ئەویش بە میلی مردنەکە دا تێدەپەڕێت، بەڵام (سیدوری) ئاماژە بۆ ناوەڕاستی دارستانیك، واتە ئەو شوێنە دەکات، کە (ئورشەنابی) کەشتیوانی (ئوتوناپشتم)ی لێیە، ئامۆژگاری دەکات کە بچێتە لای و دەموچاوی پیشان بدات و ئەگەر ڕازی بوو دەتوانێت لەگەڵیدا بپەڕێتەوە بۆ لای (ئوتوناپشتم)، بەڵام ئەگەر شکستی هێنا، دەبێت بگەڕێتەوە، (گلگامێش) بەگوێی(سیدوری) دەکات، تەورەکەی هەڵدەگرێت بە دەستەوەو، خەنجەرەکەی لە پشتێنەکەی دەکێشێت و بەرێ دەکەوێت بەرەو لای (ئورشنابی) کە کەشتیوانی تایبەتی (ئوتوناپشتم) بووە(حنون2006،ص54).

شتێکی تر کە لەو گفتوگۆیەو تەواوی بابەتەکانی تری تایبەت بەو توێژینەوەیە تێبینی دەکرێت ئەوەیە، کە لەداستانەکەدا زۆربەی ژنەکان لە تایبەتمەندیی ئامۆژگاریکردندا هاوبەش بوون، (سیدۆری)ش وەک باقی ژنەکانی تر بەو زانیاریەی هەیەتی ئامۆژگاری (گلگامێش)ی کردوە، بەڵام وەک لە درێژەی گفتوگۆکەش دەردەکەوێت کاتێک کەسێک خەم و خولیایەک تەواوی ژیانی دادەگرێت، بیر لەمەحاڵ و شتی ڕاست و زانیاری خەڵکی تر ناکاتەوە، وەک تێبینی دەکرێت، کاتێک (سیدۆری) پێی گوت: **" ئەوەی بۆی هاتووی دەست ناکەوێت چونکە مرۆڤ بە بڕیاری خواوەندەکان مردنی لە چارە نوسراوە"**(احمد:1988،ص20-21)، ناوبراو ئامۆژگاری (گلگامیش)ی کرد کە بەخۆشی بژیت لەژیاندا، بەڵام ئەو سور بوو لەسەر چوونی بۆلای (ئوتوناپشتم)، (احمد، 1988، ص18-21.).

(گلگامێش) داوای لێکرد هاوکاری بکات، ئەویش هاوکاری و ڕێنمایی کرد بۆ شوێنەکەو تاگەیشتە لای (ئورشنابی)ی کەشتیوان (ولکشتاین،نوح:2008،ص27)، ئەویش گەیاندیە لای پاڵەوانی لافاوە کە و پرسیاری بەدەستهێنانی نەمری لێکرد، ئەویش باسی ڕووداوی تۆفانەکە و بارودۆخی ئەوکاتی بۆ کرد، کە خواوەندەکان ئەو تایبەتمەندەیان پێ بەخشیوە (احمد، 1988، ص18-21).

خاوەنی میوانخانەکە سروشتی پەیوەندی نێوان خوداوەندەکان و مرۆڤەکانی بۆ (گلگامێش) خستەڕوو، و ژیانی نەمریان بەخۆیان بەخشی و مردنیان بەسەر مرۆڤدا دەرکرد، بۆیە مردن بووە بە چارەنووسێکی حەتمی و هەڵنەهاتوو، مرۆڤ تەنها دەبێت ژیانی خۆی بەو شێوەیە بژی کە خۆی دەیەوێت، و چێژ لە خۆشی و خۆشگوزەرانی وەربگرێت و، ئەوەی خوداوەندەکان لەچارەیان نوسیوە ناچارە هەر ئەوە بکات، ئەوەش پشکی مرۆڤایەتییە (حبیب:2021،ص123)

بوونی میوانخانە لەو شوێنەدا ئاماژەیە بۆ بەهێزی دامەزراوە دەسەڵاتدارەکان لە (ئوروک) و توانای پاراستنی ئاسایش و ڕێکوپێکی لە هەر شوێنێکدا کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە، بە دوور لە شارەکانیشەوە(حبیب:2021،ص123)..

(سیدۆری) وك ژنیك، ویستویەتی لەڕێی باسی سۆزداریەوە (گلگامێش) لە ڕێبازەکەی دوور بخاتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ (ئوروک)، بۆیە باسی لە ئەنجامدانی کاری سۆزداری و دەرئەنجامی هەست و چێژی کردوە لەگەڵ ژنان (حبیب:2021،ص123) و پێی گوتوە: **"ژنێک ببە و بە ئارامی لەسەر شانی بخەوە ئاسوودەیی لە باوەشتدا دەبینیتەوە..."** (باقر:1986،ص113).

لەو گفتوگۆیەی کە لە نێوان (گلگامێش) و خاوەنی میوانخانەکەدا ڕوویدا، ڕوونە کە ئەم جۆرە ژنانە بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە لە شێوازی ژیانی خۆیانەوە وەریانگرتووە، بەگوێرەی سروشتی کارەکانیان، و پەیوەندیکردنیان لەگەڵ زۆر کەس و لێهاتوویيان لە ڕووبەڕووبوونەوەی پێشهاتەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا هەیە، ئەمەش وەڵامەکەی بوو بۆ (گلگامێش)، سەبارەت بە نیازی گەڕان بەدوای ئەوەی نەمرییدا دوای ئەوەی بە مردنی هاوڕێکەی ترساوە، (حبیب:2021،ص127)، سەرەتا (گلگامێش) بەپێی ئامۆژگاریەکانی (سیدۆری) نەجوڵایەوە، بەڵام وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا لەکۆتایدا هەر بەو شێوەیەی کە (سیدۆری) مەیفرۆش پێی گوت، لەبری بەردەوام بوون لەسەر بەدەستهێنانی نەمری کە کارێکی مەحاڵە بەدەست نایە، بیر لە پێکەوژیانی ئاشتیانەو ئەوشتانە بکاتەوە کە ناوی بەنەمری دەهێڵنەوە.

**دەرەنجام:**

1- داستانی گلگامێش دابەشبوونی ژنانی بەسەر چینە کۆمەڵایەتییەکاندا باسکردوە، ڕۆڵ و ڕەفتاری هەریەکێکیان لەکۆمەڵگەدا خستوتەڕوو،داستانەکە ئەو کارانەی نیشان دەدا کە ژنان لەو کاتەدا ئەنجامیان داوە، وەک چۆن نیشانی دەدا لەشفرۆشی پەرستگا، بازرگان، دایکی شاژن، خوداوەند و ژنی ماڵەوە چی دەکەن لە چوارچێوەی واقیعی کۆمەڵایەتیدا ئەرکەکانی خستە ڕوو.

2- داستانەکە دەریخست کە ژنان لە مافی خاوەندارێتی و هەروەها مافی کارکردن بەهرەمەندن، ها مافی خاوەندارێتی سامانی و دارایی خۆیان هەیە، هەروەک پیاوان، ڕەنگە ئەرکی خاوەن بارەکە وردترین پشتراستکردنەوەی ژنان بێت کە لە ڕووی ئابوریەوە سەربەخۆبونێك هەبووە.

3- داستانەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ژن توانای سەرکردایەتیکردن و ڕابەرایەتیکردن و ئامۆژگاری هەیە وەك ڕێنوێنیکار دەتوانێت پێشەنگ بێت،ئەمەش بە ڕوونی لە ڕۆڵی نینسۆن دایکی گلگامێش و سیدوری مەیفرۆشدا ڕنگی دابوویەوە.

4- لە چوارچێوەی داســـتانەکەدا ڕوونە کە ئەو ئەرکانەی شــــمخە ئەنجامی داوە کە لایەنە کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکانی لەخۆگرتبوو وە جۆرەکانی تری کارەکتەرە ژنانەکانی ناو داســـتانەکە، فرەچەشـــنی ئەو ئەرک و کارانە دەردەخەن کە ژنان لە عێراقی کۆندا ئەنجامیان داوە، بەو پێیەی ئەو داستانە دیارترین لێهاتوویی ژنانی ئەو سەردەمەی پیشان داین، بەتایبەتی لە بواری ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و پەروەردەکردنی ی ڕۆڵەکان...هتد، لەســـەر بنەمای پێگەی خۆیان لە خێزان و دەربار و پەرستگادا.

5- ئەوەی جێگەی تێڕوانینە خوداوەند لەم داستانەدا تەنیا ڕۆڵێکی بچووکی هەبوو،تەنانەت مرۆڤیش دەستی کرد بە تەحەدای ئەو خوداوەندەو زاڵبوون بەســـەریدا، وەک گلگامێش و هاوڕێکەی ئێنکیدۆ، لە وەڵامی فێڵەکانی ئینانا کە لەلایەن هەندێک لە خوداوەندەکانەوە پشتگیری دەکرا.

**سەرچاوە**

1-ابو سعود،صلاح (2009): اساطير سومر وبابل دارالمشارق، الجيزة.

2-الجورانی، وداد(د.م، د.ت): البنيهالاجتماعيه و الثقافية للمرأة فی ملحمه جلجاميش،.

3-احمد،محمد خليفه حسن(1988): الاسطوره والتاريخ فی التراث الشرق القديم، دراسة فی ملحمه جلجامش، بغداد.

4-السواح، فراس(1987):كنوزالاعماق قراءة فی ملحمة جلجامش، العربی للطباعة، دمشق.

5-باقر، طه (1976): مقدمة فی أدب العراق القديم، دار الحرية للطباعة، بغداد.

6-باقر، طه(2009) : ملحمەكلكامش، دار الوراق، ط2، (بيروت).

7-باقر،طه(1986):ملحمةجلجامش وقصص الاخرى من جلجامش والطوفان، بغداد.

8-بوتيرو، جان(1990): بلاد الرفدين الكتابه-اعقل- الالهه، ت: الاب البيرابونا، دار الشؤن والثقافة، بغداد.

9-يوسف جاسم حسن(٢٠١٨)، العلاقة بين البشر والالهة فی بلاد الرافدين فی ضوء النصوص المسمارية، مجله مركز دراسات، كوفه،جله فصليه ملحمه،مجلد١،عدد٤٩،كوفه

10-حبيب باسم محمد (2021):الرءة فی ملحمة كلكامش,مجلة الحولية العلوم الانسانية والاجتماعية,عدد18،بيروت

11-0-حنون، نائل(2006): ملحمه جلجامش ترجمه النص المســـماريه مع قصـــه الموت جلجامش والتحليل الغوى للنص الاكدی، دمشق.

12- اسماعيل :حلمی محروس(1977): الشرق العربی القديم، حضاره بلاد مابين النهرين والجزيره العربية، مؤسسة شباب الجامعه، الاسكندريه

13- دالی ستيڤانی(1997): أساطير بلاد مابين النهرين، الخلقيه" الطوفان، كلكامش، ترجمه: نجوى نصر، بيروت.

14- علی، فاضل عبدالواحد (2000): سومر و أسطور، وملحمة, ط6, دار الشون والثقافة،بغداد

15-فريحه انيسه(1979):ملاحم اساطير،بيروت.

16- ســمار،ســعد هبود،حبيب،باســم محمد(2021)، القدس والدنس فی ملحمه فی ملحمه جلجامش، كليه تربيه للعلوم الانسانيه،جامعو واسط.

17- لابات، رينية(1988):المعتقدات الدينيه فی بلات وادی الرافدين مختارات من النصــــوص البابليه، ت: الاب البيرابونا، وليد جادر، البغداد.

18- مريم،طالبی، جميله،بوعكاز (2018): دور المرأة فی الحضــارات القديمه وادوات الزينه، رســاله ماجســتير: كليه علوم الانسانيه (جامعه 08 – مای 1945، قالحەالجزائير.

19- معدی، الحسينی الحسينی(2012)، اساطيرالسومريه مراجعه: حسام الكاشف، كنوز،القاهره.

20- نوح، صـــموئل كريمر(2017): اينـانـا و دموزی، طقوس الجنس المقدس عند الســـومريين، ت: نـهـاد خيـاطـة، ط2,دار،علاءالدين، دمشق.

21- نوح،صموئل كريمر(1971)،الاساطر السومرية، ت:يوسف داود عبدالقادر،بغداد

22ـــ ولكشتاين دايان، نوح صموئيل كريمر(2008): اينانا ملكه الارض والفردوس الجحيم، أسطوره بلاد مابين النهرين، ت: شاكر حاج مخلف دار الشؤن الثقافية، بغداد.

23-هەرشەمی،شاسوار (2020) : داستانی گلگامیش، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، سلێمانی.

24- حسـين، مازن محمد:)2016). الاسـطوره فی بلاد الرافدين دراسـة فی الفكر الاسـطوری، مجلة مركز بابل للدراسـات، المجلد6، عدد، جامعه بابل-

25-يحيى هاشم والاخرون(١٩٩٨)،دراسه فى فلسفه التاريخ، مديريه الدار كتب للطباعه والنشر،جامعه الموصل.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034